# نابێت تەمەنی ئاولەمە لە 42 هەفتە تێپەڕ ببێت

چەندین ساڵە مشت و مڕ لەمەڕ تەمەنی ئاولەمەی نێوسکی دایك لە ئارادایە . یەکەم ژمارەی مانگی سەپتەمبەری گۆڤاری پزیشکی (Acta Paediatrica) دا یەکەم توێژینەوەی لەم بارەیەوە بڵاوکردەوە . توێژینەوەکە لە سوێد ئەنجامدراوەو 354 منداڵی لە خۆگرتووە کە ساڵی 1991 لە دایکبوون . بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکە لە کاتی کۆنترۆڵکردنی تەمەنی 4 ساڵی منداڵەکاندا وپاش بەراوردکردن لە گەڵ ئەو منداڵانەی لەتەمەنی 37 و 42 هەفتە دا لە دایکبوون بۆیان روون بۆتەوە کە ئەو منداڵانەی پاش هەفتەی 42 لەدایك بوون یان ئەقڵی یان لە جوڵان دا ناتەواون .

گەر بەراوردیان بکەین لە گەڵ ئەو منداڵانەی لە گروپەکەدان و رێژەکەیان 5.5٪ ە رێژەی مەترسی تووشبوونی بەم جۆرە گیروگرفتە 13٪ دایە .

هەرچەندە پسپۆرانی توێژینەوەکە چاوەڕوانی ئەم ئەنجامەیان نەدەکرد وەلێ ئەمڕۆ پێیانوایە کە پێویستە توێژینەوەی دی لەم بوارەدا ئەنجام بدرێت و هاوکات وای بە باش دەزانن و پێویست ناکات ئاولەمە لە 42 هەفتە زێدەتر لە نێو پزداندا بمێنێتەوە .

پێشتر وا دەزانرا کە گەر تەمەنی ئاولەمە بگاتە 43 هەفتەش مەترسی دار نییە بەڵام پاش ئاشکراکردنی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە و توێژینەوەکانی ئەمێریکایەکان نەخۆشخانەکانی منداڵبوونی شاری ستۆکهۆڵم ناچاربوون تا بڕیاربدەن کە نابێت تەمەنی ئاولەمە لە 42 هەفتە تێپەڕ ببێت .

لەمەڕ دەرهێنانی ئاولەمە لە رێگای نەشتەرگەری منداڵدان کردنەوەوە ئەم پسپۆرانە دەبێژن هەموو نەشتەرگەرییەك کە لە بەشی فریاگوزاری منداڵبووندا بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێت مەترسی هەکردنی شوێنی نەشتەرگەرییەکە ، خوێنبەربوون و پەیدابوونی خوێن مەین زێد دەکات .

ساڵی داهاتوو نەخۆشخانەکانی منداڵبوونی ستۆکهۆڵم سنووری ئەو 42 هەفتەیە هەڵدەسەنگێننەوە تا بزانن ئایا ئەنجامی نەشتەرگەریەکانی بەشی فریاگوزاری و ئەم سنوورە نوێیە (42 هەفتەیە) باشە یان خراپە .


سەرچاوە

1- رۆژنامەی داگنسنیهێتەری ستۆکهۆڵم ی رۆژی 29ی ئۆگوستی 2005 .